# یاسای سروشتی

له دەروازەیەکی تەنگەوە

**دڵشاد حامید دەروێش**

# یاسای سروشتی

## لە دەروازەیەکی تەنگەوە

**دڵشاد حامید دەروێش**

بابەت: فەلسەفیی، یاسایی

- بەرگ و نەخشەسازی: شالاو حەبیبە
- چاپ: یەکەم - ٢٠١٨
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- نرخ: ٢٠٠٠ دینار

ئەم کتێبە بە سپۆنسەری [بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلــێمــانی] چاپکراوە.

# یاسای سروشتی

له دەروازەیەکی تەنگەوە

**دڵشاد حامید دەروێش**

**٢٠١٨**

پوختەی ئەم توێژینەوەیە پێشکەش کراوە بە
**ئینستیتۆی بازنەی ڕاڤە**

سوپاس و پیزانینی زۆرم بۆ هەموو ئەو کەسانەی بە جۆرێک لە جۆرەکان بەم بەرهەمەوە ماندوو بوون، بەتایبەت مامۆستای ئازیز [د. هێمن عبدالله] و برای هێژا کاک [سەرکەوت جەبار].

# پێرست


دەستپێک ...................................... ٩
**یاسای سروشتی ناساندن و تایبەتمەندییەکانی** ....... ١٣
پێناسەی یاسای سروشتی .............................. ١٣
تایبەتمەندییەکانی یاسای سروشتی ...................... ١٧
یاسای سروشتی لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆناندا...... ٢٦
پڕۆتۆگۆراس و سوقڕات................................. ٢٩
ئەرستۆ ................................................. ٣٣
ستۆیسیزم.............................................. ٣٧
**مەسیحییەت و یاسای سروشتی**......................... ٤٣
**یاسای سروشتی لەسەردەمی ڕێنیسانس و ڕۆشنگەرییدا** ............................... ٤٨
هۆگـــۆ، گـــرۆســـیـــۆس........................... ٤٨
یاسای سروشتی لە تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتیدا..... ٥١
**سەرپێکەوتنەوەی تیۆری یاسای سروشتی**.................٥٩
**ڕەخنەگرتن لە یاسای سروشتی** ..............................٦١
**ژێدەرەکان**......................................................٦٥

# دەستپێک

نــــــها دوونیـــای ئێمە پتر لە هەرکات پەنەوازی شەنوکەو کردنـــی تـــیـــۆری یاســـای ســـروشتی[ Natural Law Theory، نظرية القانـــون الطبيـــعي]یە، لەبەر ئەوەی گووتار [Discourse، خطاب]ی مافەکانی مرۆڤ، کە بە بڕوای هەنـــدێک پێویســـتە دۆزی کـــوردیی لەســـەر دابڕێـــژرێتەوە، بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بەم تیۆرییە دەبەستێت، بە جۆرێک هەر قسەکردنێک لەمەڕ یاسا و ماف و دادپەروەری ناچارییانە [Necessity، بالضرورة] بۆ تیۆری یاسای سروشتی پەلکێشمان دەکات، تەنانەت مافی مرۆڤ و مافە سروشتییەکان کە زادەی یاسا سروشتییەکانن، دوو چەمکی هاوواتان.[1]

---

١ لەسەرەتادا چەمکی مافە سروشتییەکان بەکار دەهێنرا، وەلی لە پاش جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ [١٩٤٨ز]وە چەمکی مافەکانی مرۆڤ شوێن بە مافە سروشتییەکان لێژدەکات و بە چـــری

ئەمە جگە لەوەی هەر نووسین و گفتوگۆ و گەنگەشەیەک لەبارەی یاسای سروشتییەوە، دواجار دەستگیرۆیی سیستمە یاساییەکەمانە بۆ دەربازبوون لەو پێوار [Absence، غیاب]ییە هزرییەی تا بینەقاقای هاتووە، بەو پێیەی سەرجەم ئەمانە هەوڵگەلێکن بۆ داتاشینی ئاسۆیەک تاکوو یاسادانەر[Legislator، المشرع] و قوتابییانی یاسا چاوی تێببڕن و لەو بێ نەزمی و بێشیرازەیی و پشێوییە دەربچن کە باڵی بەسەر بیرکردنەوەیاندا کێشاوە، بەشێوەیەک هۆش و بیرکردنەوەیان لە جەغزی پرسە ڕواڵەتییەکان دەرناچێت.

لە گرنگی و بایەخی ئەم تیۆرە بترازێت، خاڵێک کە دەبێت هێمای بۆ بکەم، ئەوەیە کە ئەم کورتە لێکۆڵینەوەیە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بەو وۆرکشۆپە دەبەستێت کە لەژێر ناونیشانی [قانوونی سروشتی] لە میانەی کۆنفرانسی [قانوون و جڤات]ی

---

بەکاردەهێنرێت. بڕوانە: د.طه عمر رشید، مافەکانی مرۆڤ [فەلسەفە، یاسا، هەرێمی کوردستان]، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری دیموکراسی و مافی مرۆڤ DHRD، ٢٠١٥، ل ٤٠.

[ئینستیتۆی بازنەی ڕاڤە] و [کۆدەست] ڕۆژی [٧ جەنیوەری ٢٠١٨] پێشکەشمان کردووە.

ماوەتەوە بڵێم، دەرگیربوون لەتەک تێمایەک کە بە درێژایی مێژووی هزر و فەلسەفە بە چڕی قسەوباسی لەمەڕ کراوە لە توێژینەوەیەکی وا کورتدا کارێکی تاقەتپڕوکێنانە دژوارە، بە دڵنیاییشەوە بێ کێماسی و کەموکورتی نابێت، بەڵام دواجار کردنەوەی پەنجەرەیەکە بۆ خوێنەری کورد، بەسەر پرسێکی بێئەنداز گرنگدا و تەقەللایەکیشە بۆ قوتارکردنی یاسا لەو زەلکاوەی هەنووکە تێیدا دەگلێت.

نووسەر

سلێمانی/ ٢٠١٨

# (١)

# یاسـای سروشتی

## ناسـاندن و تایبەتمەندییەکانـی

کێشـانی وێنـایەکی گشـتی لەمەڕ ئەو بـابەتەی دەسـتوپەنجەی لەتەکـدا نەرم دەکەیـن، پێداویستییەکـی ئەکـادیمییانەی توێژینەوەکەمـانە، لەبەر ئەوە گەشـتەکەمان بە پێناسـەکردنی یاسـای سروشـتی و دیـاریکردنی تایبەتمەندییەکانی سەرڕێگا دەخەین.

## پێنـاسەی

## یاسـای سـروشتی

یاسـای سروشـتی وەک هەر چەمکێکـی دیـکەی فەلسەفی و سیاسی و یاسایی چەندین پێناسەی بۆ کراوە، ئێمە پڕۆمیسۆس ئاسا پریشکێک لەم ئاگرە دەدزین و پێش ئەوەی پێناسەی دڵخوازی خۆمـان بخەیـنەڕوو، ڕسـتێک لەو پێناسـانە

کتومــت بە نــوختە و فــاریزەوە بــۆ خــوێنەر دەگوازینەوە.[2]

١- بــریتییە لە گوزارشــت کــردن لە ویســتی خواوەند، کە بنەمای سروشتی شیاندەکاتەوە، لە نێو دڵی بوونەوەراندا هەڵکۆڵراوە.

٢- ئەو پێوەرگەلەیە کە لە سروشتی مرۆڤ و ئامانجی لە جیهانەوە ڕەگدەگرن.

٣- سیســتمێک لە پڕەنســیپە کە عەقڵــی گشــتی دەریاندەبڕێت، عەقڵی مرۆڤیش ڕاڤەیان دەکات

---

٢ بۆ ئەم پێناسانە و پێناسەی زیاتر بڕوانە:

- عبدالوهاب الكيالي، موسوعة السياسية، ج٤، القانون الطبيعي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٩٠، ص ٧٣٨.
- د.طه عمر رشيد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨- ٦٨.
- Dagobert D.Runes،The Dictionary of Philosophy، Art: Natural Law، Philosophical Library، Inc، NewYork، ١٩٨٨، p ٦٨٣.

له پێناوی ئەوەدا کە وابکات ژیان ئاسایش و دڵنیایی بێ، بانگەشە دەکات بۆ هاوکاری و برایەتی، هەموو شتێکی دژ بەمە ڕەتدەکاتەوە.

٤- یاسایەکی بالاترە لەوەی دەوڵەت دایدەنێت، ڕێساکانی بۆ هەموو شوێنیکی جیهان گونجاون، سروشتیشن چوونکە تەنیا لە عەقڵەوە سەرچاوە دەگرن.

٥- بریتییە لە بوونی بنەمای یاسایی بەرزتر و دێرینتر لە یاسای دانراو، ئەم بنەمایانە شیاون بۆ هەموو کات و شوێنیک، نەمر و جێگیرن.

٦- سیستمێکی گشتییە کە لەلایەن خواوەندەوە بۆ هەموو دوونیا دانراوە، کۆمەڵێ بنەمای بنچینەیی بۆ دادپەروەری لەخۆگرتووە، لەتەک ئامازەی گشتی کە یاسادانەری یاسای دانراو ڕاڤەیان دەکات و ئەو سزایانە دادەنێت کە بۆ پاراستنی پێویستن.

لەژێــر ڕۆشــنایی ســیما هاوبەشــەکانی ئەم پێناسـانە و بۆچـوونی ئەو فیگـۆرانەی دواتـر لە تەکیانـدا دەرگیـر دەبـین، دەتـوانین بڵێـین ئەو پێناسـەیەی زمـانێکی هـاوبەش دروسـتدەکات و هەموان لەسـەر سفرەی خۆی ئاشت دەکاتەوە بـــــریتــــــییە لــــــــە [کـــــــــۆمەڵێک بنەواشــەی بــابەتی و سەرمـــــــــــــــەدی عەقڵیــــــــن[٣] یـــاخوود لەدەستپێڕاگەیشـــتنی مەعریفـی مرۆڤـدان، ئەم بنەواشـەگەلە هەڵگـری دادپەروەریـــن لەخـــودی خۆیـــدا، هەر لەبەر ئەمەشە دەکەونە سـەروو یاسا دانراوەکانەوە]. لـــــــــەم پێناســـــەیەوە دەتـــوانین بە وردی تایبەتمەندییەکانی یاسای سروشتی دیاریبکەین، هەر ئەمەش دەبێتە کارمان لە بەشی داهاتوودا.

---

٣ بنەواشە: بنەما، پڕەنسیپ.

## تایبەتمەندییەکانی
## یاســـــــای سروشتی

### ١- بابــــەتیبوون

مەبەســـت لە بـــابەتیبوونی یاســـای سروشـــتی ئەوەیە، ئەم یاسایە ڕاساوبەخۆیە، بوونی پشت بە شـــتێک لەدەرەوەی خـــۆی نابەســـتێت، بە دەربڕینێکـــی دیـــکە، ڕێســـاکانی ئەم یاســـایە لە جێگایەکدا هەن، ڕەنگە لە نێو بانگێکی یەزدانیدا بـــن، یـــاخوود خۆڕســـکبن لەنێـــو ئـــاوەزدا، دیـــاریکردنی شـــوێنی یاســـای سروشـــتی لەم بەشـەدا خـاڵی جێمەبەستی ئێمە نیـیە، بەڵـکوو دەمانەوێـت بە بـابەتیکردنی یاسـای سروشـتی، گەرد و تـۆزێ نـایەڵیزم لەسـەری لابـبەین و پێـــوەری بـــوون و نەبـــوونی لە تاکەکـــان بستێنینەوە.

لێرەشەوە ئەنجامگیری ئەوە دەکەین کە یاسای سروشتی لە ئاوەزێکەوە بۆ ئاوەزێکی دیکە، لە جڤاتێکەوە بۆ جڤاتێکی دیکە، لە بەستێن[*Context*، سیاق]ێکی کولتوورییەوە بۆ بەستێنێکی کولتووری دیکە ناگۆڕێت.

**٢- سەرمەدیبوون**

لە تایبەتمەندییەکانی بنەواشەکانی یاسای سروشتی ئەوەیە، کە بەنێو سەردەمەکاندا تێدەپەڕن بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕان و هەموارێک بەسەر جەوهەر و چییەتیاندا بێت. شایانی هێما بۆ کردنە، لە سەدەی نۆزدە و بیستدا یاسای سروشتی بە بیرۆکەگەلێک باردەکرێت و بە کۆمەڵێ وێنا قانگدەدرێت کە سەرمەدیبوون و تەنانەت بابەتیبوونی بەشێک لەم یاسایە دەخەنە

ژێــر پرســیارەوە، ئەم خــاڵە وازلێــدێنین و لە لاپەڕەکانی داهاتوودا لەسەری ڕادەوەستین.

**٣- لەدەستپێڕاگەیشتنی مەعریفی مرۆڤدایە**

پــێش عەلمەنەکردنــی لەلایەن گرۆسیۆســەوە، یاسای سروشتی گرێدراوی ئاسمان بوو، وەلێ ئەوکــاتیش بــوونێکی نۆمینــایی نەبــوو بە تێگەیشـتنیە [کانـت]یـیەکە، بە دەربڕینێکـی دیـکە دیــوارێکی ئەبستمۆلۆگــــی نەبــوو لە نێــوان توانستی عەقڵی ئێمە و یاسای سروشتیدا. دوای بە عەلمەنەکردنــــــی ئەم یاســــــایەش، هەر قســــــەکردنێک لەمەڕ دەستپێڕاگەیشــــــتنی مەعــــــــریفی ئێمــــــــە بۆی، جۆرێکە لە هەمـانبێژی[Tautology ، تحصـیل حاصـل]، لەبەر ئەوەی لێــرە بەدواوە یاســای سروشــتی

دەکــرێتە یاســایەکی عەقڵــی و گەرد و تــۆزی لاهوتی لەسەر لادەبرێت.

**٤- هەڵگری دادپەروەرییە لە خودی خۆیدا**

بنەواشــەکانی یاســای سروشــتی هەڵگــری دادپەروەرین لە خودی خۆیدا[ *justice in it self* ، العدلــة فــي ذاتهــا]، نەک ئەو دادپەروەرییەی لەنێو گووتارێکی فەلسەفی و سیاســیدا وێنــا دەکـــــــــرێت، یــاخود ئەو دادپەروەرییەی کە یاسادانەر ئەندێشەی دەکات، کەواتە یاسای سروشتی هەڵگری دادپەروەرییە وەک ئەوەی هەیە، بەڵام ئەو دادپەروەریــــیەی یاسای دانراو لە هەناوی خۆیدا جێگیری دەکات، دادپەروەرییەکــی وێنــاکرا و ئەندێشــەکراوە لە شوێنکاتێکی دیاریکراودا.

**٥-لە سـەروو یاسـا دانراوەکانەوەیە.**

لە قوتابخـانەی یاسـای دانـراو، دوا یاسـا و تـاکە یاسا یاسای دانراو[*positive law*، القـانون الوضعي]ە، وەلێ قوتابخانەی یاسـای سروشـتی بـڕوای بە دوانەیـی یاسـا هەیە، واتە یاسـای سروشتی و یاسای دانراو،[٤] بۆ ڕاڤەی پەیوەندی ئەم دوو یاسایە لەتەک یەکتردا، دەتوانین سوود لە تیۆری نموونەی بەرزی ئەفلاتۆن وەربگرین. ئەفلاتۆن لە کتێبی کۆماردا بوون دەکات بە دوو بەشەوە، بوونی هەستەکی و بوونی هۆشـەکی، جیهانی هەستەکی و جیهانی هۆشـەکی، جیهانی یەکەم جیهـانێکی مـاتەری و سـاختە و گـۆڕاوە، هەرچـی دووەمە هۆشـەکی و ڕاسـتەقینە و

---

٤ بڕوانە: د.عبدالرحمان رحیم عبدالله، محاضرات في فلسفة القانون، ط١، بدون ذکر المطبعة، اربیل، ٢٠٠٠، ص١٩؛ میشیل تروبیل، فلسفة القانون، تعریب: جورج سعد، ط١، دار الانوار، بیروت ٢٠٠٤، ص١٨.

نەگــۆڕە. پەیوەنــدی نێــوان ئەم دوو جیهــانە لاســاییکردنەوەیە، جیهــانی دووەم ســێبەر و لاساییکردنەوەی جیهانی یەکەمە.

تەبــــاییەک هەیە لەنێــــوان ئەم وێنــــاکردنە ئەفلاتــۆنییە و بۆچــوونی قوتابخــانەی یاســای سروشــتی، ئــــــــاخر لای فیگۆرەکــانی ئەم قوتابخــانەیە یاســــــــــــا کـاملەکە یاســای سروشتییە، هەرچی یاسای دانراوە، سێبەری یاســایە و دەبێــت چــاو لە یاســای سروشــتی ببڕێــت، تەنــانەت وەک دواتــر دەیبینــین، لای زۆرێک لە هزرڤانانی ئەم قوتابخانەیە ڕەوایەتی هەر یاســایەکی دانــراو بەنــدە بە نزیکــی ئەو یاسایە لە یاسای سروشتییەوە.

لەبەر ئەوەی زۆر جــار تێکەڵیــیەک دەکرێــت لەنێوان یاســاکانی سروشــت[ *Laws of Nature*، قــوانین الطبیعــة] و یاســــــای

سروشـــتی[*Natural Law*، القــانون الطبيعي]دا، پێمان باشـە پێش ئەوەی بچینە نێو بەشێکی دیکەوە، هەوڵێک بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو یاسایە لە یەکتر بدەین.

هانس کلّسن *Hans Kelsen* [١٩٨١-١٩٧٣] جیـاوازی دەکـات لەنێـوان یاسـاکانی سروشـت لەتەک ئەو یاسایانەی ژیـانی مـرۆڤ ڕێکدەخەن بـــــــەوەی یەکـــــــــــەمیان بنـــــــــــەماکەی هۆکاری[*Causality*، السببية]یە، بۆ نمـوونە [ئاســـن گەرم بکەیـــن دەتـــوێتەوە]، تـــوانەوە ئەنجامێکی حەتمی گەرمکـردنە، هەرچـی بنەمـای جــۆری دووەمە واتە بنەمـــای ئەو یاســـایانەی ژیـــانی مرۆڤەکـــان ڕێکـــدەخەن، بـــریتییە لە بەستنەوە و دانەپاڵ [*Imputation*، العزو]، ئەگەر بە نمـــوونەیەک ئەمەش ڕوونبکەیـــنەوە دەڵێـین [هەرکەس تـاوانی کـرد سـزا دەدرێـت]،

لێرەدا شیمانە هەیە تاوانبار سزا نەدرێت، چوونکە بنەمای ئەم یاسایانە پێکەوە بەستنە نەک حەتمییەت.[5]

هەرچەندە ئەم یاساناسە پۆزەتیڤیستێکی ڕادیکاڵە و سەرسەختانە تێدەکۆشێت بۆ بەزانستی کردنی یاسا و تووڕهەڵدانی هەموو بۆچوونێکی ئەخلاقی و فەلسەفی و سیاسی تێیدا،[6] بەڵام دەتوانین سوود لەم جیاکارییەی وەرگرین و بە خوێنەرانی هێژا بڵێین، لەم

---

٥ هانس كلسن، النظرية المحضة في القانون، ترجمة: د.اكرم الوتري، منشورات مركز البحوث القانونية، ١٩٨٦. ذكره الدكتور عبدالرحمان رحيم عبدالله، مصدر سابق، ص١١٠-١١٣. د.طه عمر رشيد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩.

٦ د. روبرت الكسي *Prof.Dr. Robert Alexy*، فلسفة القانون [مفهوم القانون وسريانه]، تعريب: د. كامل فريد السالك، ط٢، منشورات الحلبي الحقوقية، ٢٠١٣، ص ٢٢٦.

توێژینەوەیەدا، دوور و نزیک باس لەو یاسایانە ناکەین کە بنەماکەی هۆکارییە، ئەمانە یاساکانی سروشتن، بەڵکوو ئێمە تیشکۆ[*Focus*، ترکیز] دەخەینە سەر یاسای سروشتی، ئەو یاسایەی کە بنەماکەی بەستنەوە و دانەپاڵە.

# (٢)
# یاســـــای سروشتی
# له فەلـسەفەی کلاســـیکی یۆناندا

شـێوه کۆکبوونێـک هەیه لەمەڕ ئەوەی سـەرەتا بیـرۆکەی بـوونی کـۆمەڵێ بنەواشـەی جێگیـر و دادپەروەرییەکـی نەگـۆڕ له خەیاڵـدانی ئەدەبـی یۆنانــدا ڕســکا،[٧] بەڵام ســەبارەت بەوەی کەی وەک تیۆرییەک له فەلسەفەدا گەڵاڵه دەبێت، ئێمه لەبەردەم ڕاجیاییـداین، هەیه ئەرسـتۆ به بـاوکی یاسـای سروسـتی دادەنێت،[٨] هەشـه وایـدەبینێت تیــۆری یاســای سروشــتی لەســەر دەســتی

---

٧ حسن كيره، المدخل الى القانون، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٦٧، ص١٠٩. و أ.د. احمد موسى والاخرون، فلسفة القانون و رهانات العدالة [من رهان التاسيس الى مقاربات الواقع]، ابن النديم للنشر والتوزيع / دار الروافد الثقافية- ناشرون، ٢٠١٦، ص٤٣.

٨ د.عبدالرحمان رحيم عبدالله، مصدر سابق، ص ٢٢.

ستۆیسزمەکان گەڵاڵە دەبێت.[٩] ئێمە لێرەدا چەند سەرنجێک دەردەبڕین.

١. بە بۆچوونی ئێمە ئەرستۆ خاوەنی تیۆری یاسای سروشتییە، واشیدەبینین کە ئەم تیۆرە لەسەر دەستی ستۆیسزمەکان خۆی لە باری خۆی ڕادەپسکێنێت و بە دوا ئاستەکانی خۆی دەگات، بەڵام ناتوانین ڕەهابێژی لەوەدا بکەین پێشتر و لە شوێنی دیکەدا بیرۆکەی یاسای سروشتی نەخزاوەتە نێو فەلسەفەوە، چوونکە ناکرێت هەوڵەکانی هەندێک ناوی وەک ئەنتیفۆن [*Antiphon*] و هیپیاس [*Hippias*]

٩ حمدي مهران، بحثه بعنوان: نظرية القانون الطبيعي عند فقهاء اليونان و أثرها في الفكر السياسي اللاحق، ص٤.

نادیده بگرین،[10] که بەداخەوە لێرەدا دەرفەت نییە لەبارەیانەوە بدوێم.

٢. سوقرات *Socrates* [ ٤٧٠- ٣٩٩ پ.ز] و ئەفلاتۆن *Plato* [٤٢٧-٣٧٤ پ.ز]ی خوێندکاری وەک دوو فیگۆری دژە پرۆتۆگۆراسی ڕۆڵیان لە چەمکاندنی یاسای سروشتیدا هەبووە، بەوەی شێوازێکی فەلسەفاندن سەرپێدەخەن کە تێیدا جێگای یاسای سروشتی دەبێتەوە، بە دەربڕینێکی دیکە، سوقڕات بە لێدان لە شێوازی فەلسەفاندنی پرۆتۆگۆراسی، زەمینەی دەرکەوتنی یاسای سروشتی دەڕەخسێنێت، هەر بۆیە پێش ئەوەی بچینە لای ئەرستۆ، سەرپێیانە باسێکی ئەو ململانێیە دەکەین لە نێوان پرۆتۆگۆراس و سوقراتدا هەبووە.

---

١٠ للمزيد ينظر: أ.د. احمد موسى والاخرون، مصدر سابق، ص ٥٢-٥٨.

## پڕۆتۆگۆراس
## و سوقڕات

پڕۆتۆگـۆراس *Protogoras* [٤٨٠-٤٠٨ پ.ز] دووژمـــنه کلاسـیکەکەی یاسـای سروشـتییه، ئـاخر دیـارترین فراگمینتـی ئەو بـریتییه لە [مـرۆڤ پێـوەری هەمـوو شـتێکە، پێـوەری هـەبوونی بـوونیەتی و پێـوەری نەبوونـی نەبـوونیەتی].[١١] ئەبسـتمۆلۆگیای پرۆتۆگۆراسـی پشـت بەم سێ خاڵە دەبەستێت.[١٢]

---

١١ افلاطون، تياتيتوس او عن العلم، ترجمة: الدكتور اميرة حلمي مطر، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٧٣، ص ٤٦-٤٧.

١٢ د. فيصل عباس، الموسوعة الفلسفية [الفلسفة و فلسفة التاريخ]، الفلسفة اليونانية [من طاليس الى سقراط]، الجزء الأول، المجلد ١، مركز الشرق الاوسط الثقافي، ٢٠١١، ص ٢٥٧ وما بعدها.

١- هەستەکان سەرچاوەی زانینن.

٢- ڕێژەییبوونی مەعریفە.

٣- بوون لەسەر بەری بیرکردنەوە وەستاوە.

لێرەوە ئەوە هەڵدەهێنجێنین لە نێو ڕێژەگەری پرۆتۆگۆراسیدا شتێک بەناوی یاسای بابەتی و سەرمەدی شوێنی نابێتەوە، ئەم تەرزە بیرکردنەوەیە لێدانە لە خەسڵەتی بابەتیبوونی یاسای سروشتی، ئێمە لە پەڕەکانی پێشوودا ئەوەمان ڕوونکردەوە کە یاسای سروشتی کۆمەڵێ بنەواشەی بابەتییە، بوونیان لەسەر شتێکی دیکە بۆ نموونە کەسی بیرکەرەوە ناوەستێت، کەچی لێرەدا بوونی بەم کەسەوە بەندە، دەکرێت ئەم یاسایە لای ئەم هەبێت و لای ئەو نەبێت، لەبەر ئەوەی دواجار تاکەکان پێودانگی هەبوون و نەبوونی یاسای سروشتین.

هەموو خوێنەرێکی ئەفلاتۆن ئەوە دەزانێت کە سوقڕات دەرگا بە ڕووی ڕێژەگەرایی پڕۆتۆگۆراسدا دادەخات، شەڕی سوقڕات دواجار شەڕە دژی سەرجەم ئەو بۆچوونانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن دادپەروەری و چاکە و جوانی و فەزیلەت بەشێوەیەکی بابەتی نین و لەسەر کەسی بیرکەرەوە دەوەستن، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین، ڕۆڵی سوقرات زیاتر ناڕاستەوخۆیە، ئەو لەڕێگەی دارشتنی شێوازێکی دیکەی فەلسەفاندنەوە [کە ڕاستیگەلێکی بابەتی و پێبەندکار بۆ گشت خەڵکی لەخۆدەگرێت]،[١٣]

---

١٣ ستيس وولتر، تأريخ الفلسفة الونانية، ترجمة: مجاهد عبدالمنعم مجاهد، المؤسسة الجامعية للدراسات، بيروت، ١٩٨٧، ص ١٠٠. نقلا عن: د. فيصل عباس، المصدر السابق، ص ٣١٢.

بەشـــدارە سەرپێخســـتنی تیۆریـــای یاســـای سروشتیدا.

سـەرەڕای بـوونی بیـرۆکەی دادپەروەرییەکـی نەگـــۆڕ و جێگیـــر لای ســـوقڕات، ڕێزگـــرتن لەیاســـای شـــار و وڵات بەشـــێکی ئۆرگـــانی دوونیابینی سوقراتییە، هەربۆیە کاتێک دەرفەتـی هەڵاتنـــی بـــۆ دەڕەخســـێنن، هەر مکـورڕ دەبێـت لەسـەر ملـدان بـۆ ئەو سـزایەی دەیکـاتە یەکەم شــەهیدی فەلســەفە. هەڵــبەت هۆکـارانێکی زۆر هەن بۆ خۆقوتارنەکردنی سوقڕات، سەقامگیری و جێبەخۆگرتـــوویی وڵات لە گرنگترینـــی ئەو هۆکـــارانەیە، بەڵگەشـــمان بـــۆ ئەمە دیـــالۆگی کریتۆنە.[١٤]

---

١٤ تێیدا سوقڕات دەڵێت [ئەندێشەی ئەوە بکە من خەریکە ڕادەکەم و دەوڵەت و یاساکانی پەیدا دەبن و پرسیارم لێدەکەن: بەتەمای چیت سوقڕات؟ ئایە تۆ بەم کارەت ماڵوێرانیمان بۆ ناهێنیت ........ تۆ پێت وایە

## ئەرســــــتۆ

ئەرســــــتۆ *Aristitle* [٣٨٤-٣٢٢ پ.ز] هەم خــاوەنی تیــۆری یاســای سروشــتییە و هەم ئیلهامبەخشـی گەلێک لەو ڕەوت و قوتابخـانە و فیگــۆرانەیە کە خــاوەن شــــــــــوێنپەنجەی حاشاهەڵنەگرن لەسەر ئەم تیۆرە.

بنـاغەی یاسـای سروشـتی لای ئەرسـتۆ عەقڵە، پێشــی وایە مــرۆڤ خــاوەنی دوو خەســڵەتی جیــاوازە، هــاوڕێ لەتەک ئەوەی بەشــێکە لە سروشــت، ئەو ســەروەری سروشتیشــە، بەو پێــیەی بەشــێکە لە سروشــت، ملــدەدات بــۆ

---

دەوڵەت دەتوانێت بمێنیتەوە و بەردەوام بێت ئەگەر یاساکانی جێبەجێنەکرێن. کریتۆن، وەڵاممان بۆ ئەم پرسیارانە و هاوشێوەکانیان چی دەبێت؟]. بۆ خوێندنەوەی تەواوی دیالۆگەکە:

- Plato، Crito، Translated by Cathal Woods and Ryan Pack، PV.

یاساکانی ماددە و بە گوێرەی ئەوان ڕێدەکات، بەو پێیەشی کە سەروەری سروشتە و بەڕێوەی دەبات، دەتوانێت بەو عەقڵ و ئیدراکەی هەیەتی، لەنێوان چاکە و خراپەدا جیاوازی بکات.[15]

مامۆستای یەکەم لە گەلێک شوێندا باس لە یاسای سروشتی دەکات، گرنگترینیان کتێبی [The Art Of Rhetoric]ە، لەوێدا دەنووسێت [دوو جۆر لە یاسا هەن، تایبەت و گشتی، مەبەستم لە یاسای تایبەت ئەوانەن کە لەلایەن خەڵکییەوە دانراون، ئەمانیش بۆ نووسراو و نەنووسراو دابەشدەبن، مەبەستیشم لە گشتییەکان ئەو یاسایانەن پشت بە سروشت دەبەستن. ...].[16]

---

١٥ د.عبدالرحمان رحيم عبدالله، مصدر سابق، ص ٢٢.

١٦ [.......Now there are two kinds of laws، particular and general. By particular laws I

کەواتە لای کـاراکتەرە بە پیتـــــــە دوو جـۆر لەیاسـا هەن، یاسـا دانراوەکـــــــان و یاسـا سروشـتییەکان، دانراوەکـان لە داب و نەریـت و ترادسـیۆنەوە سـەرچاوەدەگرن، هـــــــەرچی یاســـای سروشـــتییە، ئەو یاســـایانەن کە بەر مەبنای سروشت ڕۆنراون.

هەر لێـرەوە ئەم فەیلەسـووفە دادپەروەری بـۆ دوو جۆر دابەشدەکات:[١٧]

---

mean those established by each people، which again are divided into written and unwritten. by general laws I mean those based upon nature .............].
Aristitle، The Art Of Rhetoric، Trans.by: John Henry، Freese، William Heinemann، London & New York، ١٩٢٦، p:١٣٩.

١٧ د.عبدالرحمان رحيم عبدالله، مصدر سابق، ص ٢٤.
محمد حمدان، مصدر سابق، ص٧.

١. **دادپەروەری نـــــێو جڤـات:** ئەم جـۆرەی دادپەروەری تـــــــــــــايبەتە بە جڤـاتێکی دياريکراو.

٢. **دادپەروەری لـــــــــە خـودی خۆيـدا:** ئەم دادپەروەريـــيە گەردوونيـــيە و بـــۆ تێکـــڕای جڤاتەکان دەشێت.

زۆر بە کـــورتی ئەرســـتۆ باســـی دوو جـــۆر دادپەروەری و ياســـا دەکـــات، دادپەروەری سروشـتی و ياسـايی، يەکەميـان زادەی ياسـای سروشـــتييە و دووەمـــــــيان هـــی ياســـای دانــراوە، يەکەميــان لە بنەمــا ياســـاييەکانەوە سەرهەڵدەدات و دووەميان لە سروشتی مـرۆڤ و ئاوەزييەوە.[١٨]

---

١٨ د.طه عمر رشيد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣.

## ســـــتۆیسیزم

ستۆیســـــیزم [Stoicism، الرواقیــــة] لە دیــارترین قوتابخــانە فەلســەفییەکانی چەرخــی هیلنیستییە، دامەزرێنەرەکەی زینۆن [٣٣٦-٢٦٤ پ.ز] ناوێکە، زینۆن لە سیتیون لە دایک بووە و لە ئەسـینا مـردووە، دەگێـڕنەوە لە ڕێگەیـدا بـۆ یۆنان کەشتییەکەی تێکشکاوە، هەرچی پێبووە نـوقمی دەریـا بـووە، هەرچۆنێک بێت دەربـازی بووە و خۆی گەیاندووەتە کەناراوەکانی یۆنـان، دواتــر خــۆی دەربــارەی ئەمە دەڵێــت [کاتێـک بەلەمەکەم تێکشکا، گەشتێکی پڕقـازانجم کـرد]، مەبەســــتی لەوەیە دوای ئەم ڕووداوە وازی لە بازرگانی هێنا و دەستیدایە فەلسەفە. سەبارەت بە ناوی ئەم قوتابخانەیە، ستۆیسیزم لـــــــە وشەی [stoy]یەوە هاتووە، کاتی خۆی دالانێک

بوو هزرڤان و شاعیرانی تێدا خڕدەبوونەوە، زینۆن قوتابخانەکەی لەوێندەر دامەزراند، لەمەوە ناوی ستۆیسزمیان بەسەردا بڕاوە.

شایانی باسە ئەم ڕەوتە بە دوو قۆناغی سەرەکیدا تێدەپەڕێت، یۆنانی و ڕۆمانی، دیارترین فیگۆرەکانی ستۆیسیزمی یۆنانی بریتین لە زینۆن [Zeno] و کلیانتس [Cleanthes] و کریسیبوس [Chrysippus]، هەرچی ڕابەرەکانی ستۆیسیزمی ڕۆمانییە بریتین لە سینکا [Seneca] و مارکۆس ئۆریلوس [Marcus Ourelius].[١٩]

---

١٩ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. فیصل عباس، الموسوعة الفلسفیة [الفلسفة و فلسفة التاریخ]، الفلسفة الیونانیة [من افلاطون الی افلاطونیة الجدیدة]، الجزء الثاني، المجلد ٢، مرکز الشرق الاوسط الثقافي، ٢٠١١، ص٢٠١؛ دکتۆر حەمید عەزیز، سەرەتایەک لە فەلسەفەی کلاسیکی

گەشەسەندنی ئەم قوتابخانەیە هاوکات بوو لەتەک تووانەوە و کزبوون و لەنێوچوونی دەوڵەتەشاری یۆنان، ئەمەش وادەکات ستۆیسیزمەکان دیدێکی گەردوونیان هەبێت، ئەوان وەک یەک پارچە دەیانڕوانییە گرۆی مرۆڤایەتی، وەک نیشتیمانێک دەیانڕوانییە گۆی زەوی، بە جۆرێک، یەکێک لە مێژوونووسەکان سەرجەم فەلسەفەی ستۆیسیزم لەمەدا کورت دەکاتەوە [یەک خودا، یەک دەوڵەت، یەک یاسا].[٢٠]

هەڵبەت ستۆیسیزمەکان وەک قوتابخانەیەکی فەلسەفی لە لۆجیک و فیزیک و میتافیزیک و

---

یۆنان، لە بلاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاودێر، ژمارە ٢٤، هەولیر، ٢٠١٢، ل ٢٠٤-٢٠٦.

٢٠ Car Joachim Friedrich، The philosophy of Law in Historical Perspective، ٢nd[ed،] University of Chicago press، Chicago، ١٩٦٣، P٢٨.

گەلێک بابەتی دیکەدا دیدگا و خستنەسەری تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە بریتییە لە بۆچوونیان لەبارەی ئاکار و یاساوە. ئەو پڕەنسیپەی ئاکاری ستۆیسیزمی لەسەر بوونیادنراوە بریتییە لە [ژیانکردن بەگوێرەی سروشت].[٢١]

سەبارەت بە یاسا، ستۆیسیزمەکان پێیان وابوو دوو جۆر لە یاسا هەن، سروشتی و دانراو، وایاندەبینی کە یاسای دانراو بۆ شارە و یاسای سروشتییش بۆ دەوڵەتە جیهانییەکەیە، جگە لەمە ئەوان جەغدیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە یاسای سروشتی بەسەر یاسای شاردا باڵایی هەیە، بەشێوەیەک، ئەگەر یاسای شار پێچەوانەی یاسای سروشتی وەستایەوە، ئەوا دەبێتە یاسایەکی پووچەڵ. هەموو ئەم چنینەشیان لەسەر ئەوە

---

٢١ Erik Wiegardt، The Stoic Handbook، Second Edition، wordsmith press · San Diego، California، ٢٠١٠، P٨.

بوونیاد نابوو کە یاسای سروشتی زادەی ئاوەزە، وەلێ یاسای شار زادەی خوو و نەریتەکانە.[22]

شیشـــــــــــــیرۆن *Cicero* [١٠٦-٤٣ پ.ز] لە شاکـــــــــــارەکەیدا [*The Republic*] بۆچـــــــوونی ستۆیســــــزمەکان لەمەڕ یاســــــای سروشتییەوە بەم شێوەیە بەیان دەکات [یاسایەک هەیە، ئەویش ئاوەزی ڕاستە کە گونجاوە لەتەک سروشــتدا ......... نەگــۆڕ و هەمیشــەییە، فەرمــانی کردنــی ئەوەمــان پێـدەدات کە ڕاســتە و ڕێگریمــان لێدەکات لە کردنی ئەوەی هەڵەیە، دەسـەڵاتی تەنیـا بەسـەر مـرۆڤە چاکەکانـدا هەیە، هەرچـی بەدەکـانە، کاریگەری نییە لەسەریان ............ یاسـایەکی نەمـر و جێگیرە بۆ هەموو نەتەوە و سەردەمەکان، خودا ........... دایناوە و ڕایگەیاندوە ].[23]

---

٢٢ حمدي مهران، مصدر سابق، ص٨.

٢٣ [ There is indeed a law، right reason، which is in accordance with nature.......unchangeable، eternal،

دوای هەموو ئەوەی باسمان کرد، دەتوانین هێما بۆ دوو خاڵ بکەین:

١. زێدەگۆیی نییە گەر بڵێین ئەم تیۆرە لای ستۆیسزمەکان لە تەشقی کاملی نزیکدەبێتەوە.

٢. بەستنەوەی یاسای سروشتی بە خودایەکی یاسادانەرەوە کە دواتر لە پارادایمی مەسیحییەتدا کاری لەسەر دەکرێت، لێرەوە زەمینە سازی بۆ کراوە.

---

commanding us to do what is right، forbidding us to do what is wrong، It has dominion over good men، but possesses no influence over bad ones..........it is a law eternal and immutable for all nations and for all time، God ....has farmed and proclaimed this law]. Cicero، the Republic، Trans by: G.W. FEATHERSTONHAUGH، G. & C.CARVILL، NewYork، ١٨٢٩، PP٢٩-٣٠.

# (٣)
# مـــەســـیحییەت
# و یاســـای ســـروشـــتی

ئەگەر فەلســـەفەی کلاســـیکی یۆنـــان یاســـای سروشتی لە ئەندێشەسازی ئەدەبییەوە بۆ نێو فەلســـەفە پەلکـــێش بکـــات، ئەوا فەلســـەفەی مەسیحییەت ئەم یاسایە لە نێو فەلسەفەوە بۆ لاهـــوت دەگـــوازێتەوە و بە مـــۆرکێکی ئـــایینی مـــۆری دەکـــات، یەکێـــک لە پاڵەوانـــانی ئەم بە ئاسمانیکردنەی یاسای سروشتیش فەیلەسوفی مەزن تۆما ئەکوینی *Tomas Aquinas* [١٢٢٥- ١٢٧٤]یە.

بە تێڕوانینـی ئەکـوینی، یاسـا [یاسـای دانـراو] ڕێکخســـتنێکی عەقڵانـــی پەیوەنـــدییەکانە لە نێـــو جڤاتـدا، کە بە ئامـانجی چـاکەی گشـتی لەلایەن دەسەڵاتەوە دادەنرێت و دەردەچوێنرێت. کەواتە

گەوهەری یاســـا دەبێـــت ئەم پێداویســـتییانە بەدیبهێنێت. ١. ڕێکخستنێکە عەقڵ دەیسەپێنێت. ٢. بەشـــێوەیەکی ئـســـوڵی ڕادەگەیەنرێـــت و دەردەچێنرێت. ٣- لەلایەن دەسەڵاتێکی ڕەواوە. ٤. بەئامانجی چاکەی گشتی.[٢٤]

ئەوەی لە فەلســەفەی تۆمــا ئەکوینیــدا زیــاتر مەبەســـتمانە بـــۆ ئەم بـــابەتە، بـــریتییە لەو جیاکــارییەی لەنێــوان یاســا دانــراو و یاســای ئەزەلیدا دەیکات.

یاســای ئەزەلــی بــریتییە لە عەقڵــی یەزدانــی، بەشێکی ئەم یاسایە لە ڕێگەی سروشەوە پێمان دەگات ئەمە یاسای یەزدانییە، بەشێکی دیکەی یاسای ئەزەلی ئێمە لەڕێگەی عەقڵەوە کەشفی دەکەیـن، ئەمەیـان دەبێـتە یاسـای سروشـتی.[٢٥]

---

٢٤ بڕوانە: د. روبرت الكسي، مصدر سابق، ص ٢٠٦ و ٢٠٧؛ د.طه عمر رشيد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥.
٢٥ د. روبرت الكسي، مصدر سابق، ص ٢٠٧.

کەواتە ناتوانین پەی بە هەموو یاسای ئەزەلیی ببەین، بەڵکو بەشێکی ئەم یاسایە لە دەستپێڕاگەیشتنی عەقڵی مرۆڤدایە. بەمجۆرە سێ عەقڵ لای تۆما ئەکوینی هەن، لەهەر یەکێکیانەوە یاسایەک پەیدا دەبێت.[٢٦]




بەمشێوەیە ئەکوینی ڕیشەیەکی ئاسمانی دەداتە یاسای سروشتی و سیفەتێکی یەزدانی بەباڵادا دەبڕێت، هەڵبەت پێشتریش یاسای سروشتی

---

٢٦ عبدالرحمان رحيم عبدالله، مصدر سابق، ص٣٨؛ د.طه عمر رشيد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.

گەرد و تۆزی لاهوتی لەسەر بووە، بەڵام لێرە بەدواوە بە تەواوی پێوەی دەلکێندرێت.
سەبارەت بە پەیوەندی یاسای سروشتی بە یاسای دانراوەوە، لەگەڵ ئەوەی تۆما ئەکوینی یاسای سروشتی لە سەرووی یاسای دانراوەوە دادەنێت و وایدەبینێت ئەگەر یاسای دانراو پێچەوانەی یاسای سروشتی بوو ئەوا یاسایەکی ڕێزلێگیراو نیە، بەڵام بەبڕوای وی باشتر وایە پێبەندی بین، لەبەر ئەوەی یەکێک لە بنەواشە سەرەکییەکانی یاسای سروشتی ئەوەیە کە بەرژەوەندی گشتی بخەینە سەروو بەرژەوەندی تایبەت، کەواتە ملدان بۆ یاسا نادادپەروەرەکان دواجار داخوازییەکی یاسای سروشتییە.[٢٧] بەبڕوای ئێمە، نەغمەیەکی

٢٧ دينيس لويد، فكرة القانون، ترجمة: سليم الصويص، سلسلة عالم المعرفة، العدد ٤٧، الكويت، ١٩٨١، ص٧٦؛ عبدالرحمان رحيم عبدالله، مصدر سابق، ص٣٩. د.

سـوقڕاتی بەسـەر ئەم دیـدە ئەکـوینییەدا زاڵە، ئاخر ئەمیش لەبەر بەرژەوەندی گشتی کە خۆی لە سـەروەری یاسـا و نیزامـدا دەبینێـتەوە، ملکەچکـردن بـۆ یاسـا نادادپەروەرەکـان بە کارێکی باش دەزانێت.

---

روبرت الكسي، مصدر سابق، ص ٢٠٧؛ د.طه عمر رشيد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦ و ٦٧.

# (٤)
# یاسـای سـروشتی لەسـەردەمی ڕێنیسـانس و ڕۆشـــــــــنگـــــــەرییدا

لەدوای تۆمـا ئەکـوینییەوە، یاسـای سروشـتی لەسـەر شـانۆی هـزری نامینێـت، وەلـێ لەتەک دەرچوون لە سـەدە تاریکەکان، جارێکی دیـکە بە نووسـینەکانی گرۆسـیۆس و فەیلەسـووفانی پەیمـانی کـۆمەڵایەتی دەردەکەوێتەوە.

## هۆگـۆ گـرۆسـیـۆس

ئاڕاسـتەی کـارکردنی گرۆسـیۆس *Grotius* [١٥٨٣-١٧٤٥ز] وەکچـۆن تەواو پـێچەوانەی ماکیـاڤیلی *Machiavelli*[١٤٦٩-

١٥٢٧ز]یە، ئـاواش پـێچەوانەی تۆمـا ئەکـوینییە، یەکەمیـان ئاشـکرایە و مەرەکەبـی تێدا سـەرف نـاکەین، هەرچـی دووەمە، هەنـدێک لەسـەری ڕادەوەستین.

زۆر بە سـادەیی، جیـاوازی ئەکـوینی و گرۆسیۆس لەوەدایە، یەکەمیان ڕیشـەی یاسـای سروشتی دەباتەوە بۆ عەقڵی خوا و دووەمیـان بۆ عەقڵـی مـرۆڤ، بە دەربڕینێکـی دیـکە، یەکەم یاسـای سروشـتی بـۆ ئاسـمان بەرزدەکـاتەوە، کەچـی دووەمیـان ئەم یاسـایە لە ئاسـمان دادەگرێـت و بـە عەقـڵەوە دەیبەستێتەوە.

یاسـای سروشـتی لای گرۆسـیۆس بـریتییە لە [کـۆمەڵێ بنەواشـە کە عەقڵـی ڕاسـت دەیانـدۆزێتەوە].[٢٨] ئەم یاسـایە تەنـانەت خـواش

---

٢٨ د.طه عمر رشيد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤.

ناتوانێـــت بیگۆڕێـــت، ئەو وەکچـــۆن ناتوانێـــت وابکـات دوو جـاران دوو نەکـاتە چـوار، ئـاواش ناتوانێـــت چـــاکەیەک بکـــاتە خـــراپە، یـــاخوود خراپەیەک بکاتە چاکە.[29]

ئەوەی مـــاوەتەوە هێمـــای بـــۆ بکەیـــن ئەوەیە، گرۆسـیۆس جیـاوازی دەکـات لە نێـوان یاسـای سروشـتی و یاسـای دانـراودا، بەوەی یەکەمیـان لە عەقـــــڵەوە و دووەمیـــــان لە خواســـــتی فەرمانڕەواکـانەوە ســــــــــەرچاوە دەگرێـت، واشـیدەبینی یاسـای سروشـتی یاسـا باڵاکەیە و بـریتییە لە دادپەروەری، بـۆیە هەمـوو گەلان و تاکەکان دەبێت ملکەچی ببن.[30]

---

٢٩ د. ملحم قربان، قضايا الفكر السياسي، القانون الطبيعي، ط١، المؤسسة العامة للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت، ١٩٨٢، ص٤٦؛ و ايضا: د.عبدالرحمان رحيم عبدالله، مصدر سابق، ص٤٤.

٣٠ د.طه عمر رشيد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤.

## یاسای سروشتی
## لە تیــۆری پەیمانی کۆمەڵایەتیدا

پەیمــانی کــۆمەڵایەتی بە پــێچەوانەی تیــۆرییە تیۆکراتییەکـــان و تێکـــڕای ئەو تیۆرییـــانەی بانگەشــەی دروســتبوونی خـــــۆبەخۆییانەی دەوڵەت دەکەن، ڕۆڵ بە خواســـتی تاکەکـــان دەدات، بەوەی کە وایــــدەبینێت دەوڵەت زادەی گرێبەست و پەیمانێکە.

ڕیشــەی پەیمــانی کــۆمەڵایەتی بــۆ فەلســەفەی کلاســیکی یۆنــان دەگەڕێــتەوە، بەدیــاریکراوتر تیــۆرێکی ئەفلاتــۆنییە، ئەو لــــــــە دیــالۆگی یاســاکاندا بــاس لـــــــە دوو جۆر گرێبەست دەکات:[٣١]

٣١ د.طه عمر رشید، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤.

١. یەکەمیان پەیمانی نێوان تاکەکانە و لە ڕێگەیەوە ژیانی تایبەتی خۆیان ڕێکدەخەن.
٢. دووەمیان لە نێوان فەرمانڕەوا و فەرمانبەسەردا سەپاوندایە، بەگوێرەی ئەم گرێبەستە، فەرمانڕەواکان زەبروزەنگ لە فەرمارەوایەتیکردندا بەکار ناهێنن، لەبەرامبەردا فەرمانبەسەردا سەپاوان پەیمان دەدەن سیستەمی سیاسی وڵات نەڕمێنن.

دوای ئەفلاتۆن هەر یەک لەتۆماس هۆبز *Tomas Hobbes*[١٥٥٨-١٦٧٩ز] و جۆن لۆک *John Locke* [١٦٣٢- ١٧٠٤ز] و جان جاک رۆسۆ *Jean Jal Russo*[١٧١٢- ١٧٧٨ز] ئیشیان لەسەر ئەم تیۆرییە کردووە.

بۆ ئەوەی وێنایەکی گشتی لە بارەی یاسای سروشتی لە نێو تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتیدا بکێشین، ئێمە لە سێ ڕووەوە لە گرێبەستەکە دەکۆڵینەوە لای لۆک، ڕووەکانیش ئەمانەن:

١. دۆخی سروشتی
٢. لایەنەکانی پەیمانەکە
٣. ئەنجامی پەیمانەکە

بە پێچەوانەی هۆبز کە وایدەبینی مرۆڤ گورگە بۆ مرۆڤ و دۆخی سروشتی شەڕی هەموانە دژی هەموان، لۆک پێیوایە یاسای سروشتی لە دۆخی سروشتیدا بەرقەرار بووە، لای لۆک دۆخی سروشتی یاسای سروشتی حوکمی دەکا، ئاوەزیش کە ئەم یاسایەیە، هەموان فێردەکات کە یەکسانن و سەربەخۆن و

پێویستە کەس زیان بە ژیان وماڵی ئەویدیکە نەگەیەنێت.[٣٢]

ئەو پرسیارەی لێرەدا دێتەپێشەوە ئەوەیە، بۆچی ئەم بەهەشتە جێدەهێڵرێت، دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە لەم سێ خاڵەدا کورتبکەینەوە:[٣٣]

١. ڕاستە کە یاسای سروشتی بۆ هەموو بوونەوەرێک ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام خەڵک بە بەگوێرەی بەرژەوەندیەکانی

---

٣٢ [The state of Nature has a law of Nature to govern it، which obliges every one، and reason، which is that law، teaches all mankind who will but consult it، that being all equal and independent، no one ought to harm another in his life، health، liberty or possessions]. John Locke، Two Treatises of Government، Of the State of Nature.

٣٣ John Locke، Two Treatises of Government، Of the Ends of Political Society and Government.

خۆیـــان بەکـــاری دەهێـــنن، واتە نەبـــوونی ڕێســــــــاگەلێکی یاســــــایی ڕاگەیەنـــــــراو کێماسییەکی دۆخی سروشتییە.

٢. کاتێک تاکە کەسی ئاسایی وەکو دادوەرێک ڕەفتـــــار دەکـــــات، پانتـــــاییەکی فــــراوان دەرەخســـێت تـــاکوو حەزوو و ئـــارەزوو و بەرژەوەنـــــــــدی تـــــــــاییەتی و حەزی تۆڵەســــــەندنەوە خـــــۆ بخـــــزێننە نێـــــو بڕیارەکـــانییەوە، کەواتە غیـــابی کەســـانێکی بێلایەن تاکوو کێشەکان بەگوێرەی یاسای سروشـــتی چارەســــــــــــەر بــــــــــکەن کەموکورتییەکی دیکەی ئەم دۆخەیە.

٣. پێواری هێزێک بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکان کۆتا نوقسانی دۆخی سروشتییە.

بـۆیە بە ئامـــانجی ژیـــانێکی باشـــتر، تاکەکـــان لەتەک فەرمانڕەوادا دەچنە نێو گرێبەستێکەوە، لەم گرێبەســـــتەدا تاکەکـــان واز لە بەشـــێک لە

مافەکانیـــان دەهێـــنن بـــۆ فەرمـــانڕەوا، واتە ئەم وازهێنانە هەندەکییە و هەمەکی نیە، لێرەشەوە ئەو فـــۆڕمە حوکمـــدارییەی کە زادەی پەیمـــانە [لـۆک] ییـــەکەیە بـریتییە لـــــــە پادشـــایەتی سنووردار، یاخوود پادشایەتی دەستووری.[٣٤]

---

٣٤ بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی لای لۆک بڕوانە: عبدالرحمان رحيم عبدالله، مصدر سابق، ص٥٠؛ د. منذر الشاوي، فلسفة الدولة، ط١، دار ورد الاردنية للنشر والتوزيع، الذاكرة للنشر والتوزيع، ٢٠١٢، ص ٦٢٣ وما بعدها؛ د. حميد حنون خالد، مبادئ القانون الدستوري و تطور النظام السياسي في العراق، ط١، مكتبة سنهوري، بغداد، ٢٠١٢، ص٣٠- ٣٢.




کەواتە یاسای سروشتی دوو کاری هەبووە، یەکەم وەک یاسایەک کە دەبێت یاسا دانراوەکان چاوی تێ ببڕن. دووەم وەک پاساوێک بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بەتایبەت لای جۆن لۆک.

جێی هێما بۆ کردنە، تیۆری یاسای سروشتی و پەیمانی کۆمەڵایەتی بوونە ئەو توێکوڵە فەلسەفییەی کە شۆڕشی فەڕەنسی [١٧٨٩ ز]

خـۆی پـێ قـۆزاخە دابـوو، نەک هەر ئەوەنـدە، بگـــرە ماتریـــالیزەی کـــردن و لە دوونیـــای تیۆرییەوە هـاتنە نێو کەتـوار (واقیـع)ەوە، ئەگەر ڕەوتەنییانە تەماشایەکی جاڕنامەی مافی مرۆڤ و هاونیشتیمانیان[*Declaration of the Rights of Man and of the Citizen*، اعـلان حقـوق الانسـان و المـواطن] بکەیـــن، بەڕوونـــی پەیکـــاڵکـــــــردن و پـــراکـــــــتیزەی ئەم یاســـایە دەبینین.[٣٥]

٣٥ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فيصل محمد البحيري، أثر النهضة العلمية الحديثة على الفكر القانوني: دراسة في فلسفة القانون، ط١، مركز الدراسات العربية للنشر و التوزيع، مصر، ٢٠١٥، ص٤٣٥.

# (٦)
# سەرپێــــکەوتنەوەی
# تیــۆری یاســـــای ســـروشتی

که پــۆزەتڤیزم لەســـەرەتای ســـەدەی نــۆزدەوە بـــرەو پەیـــدا دەکـــات، ئیتـــر گڵــۆڵەی یاســـای سروشـــتی ڕوو لە لێـــژی دەکـــات، بە جۆرێـــک، بەراورد بە قوتابخـــانە و ڕەوتەکـــانی دیـــکە، زۆرتـــرین ڕەخـــنەی لێـــدەگیرێت. ئەم دۆخە زۆر درێـــژە ناکێشـــێت، یاساناســـی ئەڵمـــانی رودولـــف ستـــاملر *Rudolf Stammler* [١٨٥٦-١٩٣٦ز] لەڕێگەی خستنەڕووی تێگەیەکی نوێی یاســـای سروشـــتی، ویســـتی ئەم تیـــورە لەتەک پێدراوە نوێیەکاندا بگونجێنێت، ستاملر وایدەبینی ئەو بەها باڵایانەی کە مرۆڤ بە ئاوەری ڕاساڵ دەیانـــدۆزێتەوە، لە شـــوێنێکەوە بـــۆ شـــوێنێکی دیـــکە، لە کـــاتێکەوە بـۆ کـــاتێکی دیـــکە دەگـــۆڕێن،

یاسادانەر پێویستە هەڵیانبهێنجێنێت و ئیلهامیان لێوەرگرێت. بەڵام ئەم گۆڕانە واتای ئەوە نیە کە لە یاسای سروشتیدا ژمارەیەکی کەم بنەمای نەگۆڕ نین، ئەمانە بنەما جێگیرەکانن و بەرامبەر گۆڕاوەکان ڕادەوەستن.[٣٦]

هەڵبەت تیۆرییەکەی ستاملر تاکە هەوڵ نیە بە ئاقاری ژیاندنەوەی یاسای سروشتیدا، چوونکە ئەگەر پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆگیا پۆزەتڤیزم جێبەخۆگرتوو بکەن، ئەوا جەنگ و ماڵوێرانی جێی پێ لەق دەکەن و زەمینەی گەڕانەوەی یاسای سروشتی دەڕەخسێنن.

---

٣٦ بڕوانە: د. روبرت الكسي، مصدر سابق، ص ٢٢١.

# (٧)
# ڕەخنـــــەگرتن
# لە یاســـــای ســـــروشتی[٣٧]

کۆتـــا کارمـــان خســـتنەڕووی بەشـــێک لەو ڕەخنـــانەیە کە ئاڕاســـتەی تیـــۆری یاســـای سروشتی کراون.

## ١- پەیوەستی تیۆرەکە بە باوەڕەوە

یاسـای سروشـتی لای هەنـدێک لە فیگۆرەکـانی پێویستی بە یاسـادانەرێکی ئاسـمانی هەیە، بۆیە ئەوانەی باوەڕیـان بە خـودا نیـیە، باوەڕیشـیان

---

٣٧ بەشێکی ئەم ڕەخنانە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: دينيس لويد، مصدر سابق، ص ٨٥؛ محمد مصطفوي، الاصول العامة لنظام التشريع: دراسة مقارنة بين الاسلام و القانون الوضعي، ط٢، مركز الحضارة لتنمية الفكر الاسلامي، بيروت، ٢٠١٧، ص ٥٠ و ٥١؛ ايضا: حمدي مهران، مصدر سابق، ص١٨ وما بعدها.

بەم یاسایە نییە، هەڵبەت ئەم ڕەخنەیە پێش عەلمەنەکردنی یاسای سروشتی، ڕەخنەیەکی بەجێ بووە.

### ٢- سروشتێکی پێبەندکارانەی نییە

لەدیدی پۆزەتڤیستەکانەوە، دەربڕینی [یاسای سروشتی] دژیەکییەک لە خودی خۆیدا هەڵدەگرێت، ئاخر یاسا بە پێچەوانەی ئەوەی پێیدەگوترێت [یاسای سروشتی]، سزا لەهەناو دەگرێت، هەر ئەمەشە سروشتێکی پێبەندکارانەی پێدەدات.

### ٣- گریمانەی سروشتی چاکەی مرۆڤ

تیۆری یاسای سروشتی گریمانەی چاکیی سروشتی مرۆڤ دەکات، ئەمەش بابەتێکی مشتومڕئامێزە، بەشێوەیەک، فەلسەفە و زانست و دەروونشیکاری و ئایین قسەی جیاوازیان

لەبارەوە کردووە. ئەگەر تەنیا هزر و فەلسەفە وەرگرین، ڕەوتێکی تووولانی دەبینین کە پێچەوانەی ئەم ئاراستەیە کاردەکات، ڕەنگە ماکیاڤیلی و هۆبز دیارترین سیما و پەیڕەوگرانی ئەم ڕەوتە بن.

## ٤- گریمانەی تەکووزمەندی جیهان

هاوڕێ لەتەک گریمانەی چاکیی سروشتی مرۆڤ، تیۆری یاسای سروشتی گریمانەی تەکووزمەندبوونی جیهانیش دەکات، ئەم ئەندێشەسازییە بەر بەشێکی زانست و فەلسەفە دەکەوێت، ئەوەی لانی کەمێ زانیاری لەبارەی داروین و شۆپنهاوەرەوە هەبێت، بەباشی لەمە تێدەگات، بە کوردی و بە کورتی، مرۆڤ بوونێکی خواری نێو دوونیایەکی ڕێک نییە، بەڵکوو بوونێکی خواری نێو دوونیایەکی خوارترە.

**٥- ڕاجیایی لەبارەیەوە**

کــۆدەنگی و تابــاییەک لەبــارەی چییەتــی و نێوەرۆک و سەرچاوەی یاسای سروشتی نییە، بــۆیە هەنــدێک بە خەونێکــی ڕۆمانســییانەی هەندێک فەیلەسووفی دادەنێن.

**کۆتایی**

# ژێـــــدەرەکـــــــان

## A. بەزمانی کوردی


١. د. حەمید عەزیز، سەرەتایەک لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، لە بلاوکراوەکانی کتیبخانەی ئاودێر، ژمارە ٢٤، هەولێر، ٢٠١٢.

٢. د. طه عمر رشید، مافەکانی مرۆڤ (فەلسەفە، یاسا، هەرێمی کوردستان)، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری دیموکراسی و مافی مرۆڤ DHRD، ٢٠١٥.


## B. بەزمانی عەرەبی


٣. د. احمد موسی والاخرون، فلسفة القانون و رهانات العدالة (من رهان التاسيس الى مقاربات الواقع)، ابن النديم للنشر والتوزيع / دار الروافد الثقافية- ناشرون، ٢٠١٦

٤. افلاطون، تياتيتوس او عن العلم، ترجمة: الدكتور اميرة حلمي مطر، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٧٣.
٥. حسن كيره، المدخل الى القانون، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٦٧، ص١٠٩.
٦. حمدي مهران، بحثه بعنوان: نظرية القانون الطبيعي عند فقهاء اليونان و أثرها في الفكر السياسي اللاحق .
٧. د. حميد حنون خالد، مبادئ القانون الدستوري و تطور النظام السياسي في العراق، ط١، مكتبة سنهوري، بغداد، ٢٠١٢.
٨. دينيس لويد، فكرة القانون، ترجمة: سليم الصويص، سلسلة عالم المعرفة، العدد ٤٧، الكويت، ١٩٨١.
٩. د. روبرت الكسي Robert Alexy Prof.Dr.، فلسفة القانون (مفهوم القانون

وسريانه)، تعريب: د. كامل فريد السالك، ط٢، منشورات الحلبي الحقوقية، ٢٠١٣.
١٠. د. عبدالرحمان رحيم عبدالله، محاضرات في فلسفة القانون، ط١، بدون ذكر المطبعة، اربيل، ٢٠٠٠.
١١. عبدالوهاب الكيالي، موسوعة السياسية، ج٤، القانون الطبيعي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٩٠.
١٢. د. فيصل عباس، الموسوعة الفلسفية (الفلسفة و فلسفة التاريخ)، الفلسفة اليونانية (من طاليس الى سقراط)، الجزء الأول، المجلد ١، مركز الشرق الاوسط الثقافي، ٢٠١١.
١٣. د. فيصل عباس، الموسوعة الفلسفية (الفلسفة و فلسفة التاريخ)، الفلسفة اليونانية (من افلاطون الى الافلاطونية الجديدة)، الجزء الثاني، المجلد ٢، مركز الشرق الاوسط الثقافي، ٢٠١١.

١٤. فيصل محمد البحيري، أثر النهضة العلمية الحديثة على الفكر القانوني: دراسة في فلسفة القانون، ط١، مركز الدراسات العربية للنشر و التوزيع، مصر، ٢٠١٥.
١٥. د.ملحم قربان، قضايا الفكر السياسي، القانون الطبيعي، ط١، المؤسسة العامة للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت، ١٩٨٢.
١٦. د. منذر الشاوي، فلسفة الدولة، ط١، دار ورد الاردنية للنشر والتوزيع، الذاكرة للنشر والتوزيع، ٢٠١٢.
١٧. ميشيل تروبيل، فلسفة القانون، تعريب:جورج سعد، ط١، دار الانوار، بيروت ٢٠٠٤.
١٨. محمد مصطفوي، الاصول العامة لنظام التشريع: دراسة مقارنة بين الاسلام و القانون الوضعي، ط٢، مركز الحضارة لتنمية الفكر الاسلامي، بيروت، ٢٠١٧.

## C. بەزمانی ئینگلیزی


١٩. Aristitle، The Art Of Rhetoric، Trans.by: John Henry، Freese، William Heinemann، London & New York، ١٩٢٦.

٢٠. Car Joachim Friedrich، The philosophy of Law in Historical Perspective، ٢nd(ed)، University of Chicago press، Chicago، ١٩٦٣.

٢١. Cicero، the Republic، Trans by: G.W. FEATHERSTONHAUGH، G. & C.CARVILL، NewYork، ١٨٢٩.

٢٢. Erik Wiegardt، The Stoic Handbook، Second Edition، wordsmith press، San Diego، California، ٢٠١٠.

٢٣. Plato، Crito، Translated by Cathal Woods and Ryan Pack.

٢٤. The Dictionary of Philosophy، Art: Natural Law، edited by: Dagobert D.Runes، Philosophical Library، Inc، NewYork، ١٩٨٨.